# لەبەردەم مەترسی زیاتر دابەشبووندا

## زمانی ستانداردی کوردی نەک هەر لە ڕەحمی نەتەوەیەک، لە ڕەحمی وەهمیشدا جێگای نەگرتووە

ئیبراهیم مەلازادە

لە ماوەی ڕابردوودا کۆمەڵێک دەنگی هەمەجۆری چینوتوێژ و خاوەن دیالێکتە تایبەتەکانی کوردستانمان دەکەونە بەر گوێ، هەر یەک لەو چین و خاوەن دیالێکتانە داوای خوێندن بە شێوە دیالێکتی تایبەتی خۆیان دەکەن، زیاتر گرنگی بە دیالێکتەکەیان بدرێ. لەوانەش کۆمەڵێک بەڕێزی هەورامی دەنگی خۆیان گەیاندە بەڕێز سەرۆکی کوردستان بۆ دانپیانانی دەستووری کوردستان بە زاراوەی هەورامی وەکو زمانی کەمینە و خوێندنیش لە ناوچەکانیان بەو زاراوەیە. هەروەها ژمارە (262)ی ڕۆژنامەی میدیاش هەواڵێکی لەسەر گرووپی (گۆهرین) ی بادینان بلاوکردۆتەوە، کە ئەوانیش دەیانەوێ بە بادینی بخوێنن و ئەو دیالێکتە زیاتر گرنگی پێبدرێ، وێڕای چەند کەسێکی کوردی بادینی کە لەسەر ڕووپەڕی هەندێک ڕۆژنامە خۆیان بەراورد دەکەن بە تورکمان و ئاشووری و ئەوانی دیش. لە پێش ئەوانیش هەندێ بەڕێزی فەیلی گلەییان لە ناونەهێنانی زاراوەکەیان لە دەستوور دەربڕیبوو، وێڕای داوای تریش. بێگوومان لە داهاتوودا ئەم داوایانە زێتر دەبن ئەگەر چارەسەری شیاو بۆ ئەو گرفتە نەدۆزرێتەوە. دڵنیاشم زۆرێک لەو بەڕێزانە بنچینە سادەکانی دەستووریش حاڵی نین و حاڵی بوونیشیان ئەستەمە.

بەلای منەوە گرنگ نیە چ زاراڤایەک دەبێتە زمانی ستاندارد و خەڵکی کورد لەسەری کۆک دەبن و پێی بخوێنرێ و بنوسرێ. ئەم کارە یەکێ لە پێویستیە هەرە گرنگ و بێ لام و جیمەکانی چارەنوسی خەڵکی کوردستان. زمانی ستاندارد بنەمای یەکێتی هەر نەتەوەیەکە و ئەگەر ئەو زمانەی نەبێ گومان لەوە دانیە کە یەکێتیەکەی لەرزۆک و بناخە ڕزیو دەبێ. ئەم قسەیەش پێویستی بە بەڵگە نیە و هەموو گەلانی دونیا لە قۆناغی گواستنەوەی خەبات و پێکهاتەیاندا زمانی ستانداردی خۆیان هەڵبژاردووە و بووە بە بناغەیەکی کۆنکرێتی پتەو بۆ یەکیەتیان. بۆ بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتەش هەندێ گەل پەنایان بۆ ئاسمان بردووە و زمانی ستانداردی بۆ دیارکردوون و لە پەرتەوازەیی و ژێردەستی ڕزگاری کردوون. هەندێ گەلیش پەنایان بۆ دەسەڵاتی خۆیان بردووە، یا دەسەڵاتیان خۆی درکی بەو جۆرە پێویستیە کردووە بۆ یەکیەتی گەلەکەیان و زامینکردنی چارەنوسیان. بەڵگەش دیرۆکی ئەو گەلانەیە و سەرکەوتنیانە لە هەوڵەکەیان. لە هەندێ شوێن شێوە زاراوەیەکی لۆکاڵی تەسک بەسەر هەموو نەتەوەکەدا سەپێنراوە و دوایش بووە بە گەورەترین خێروبەرەکەت بۆ ئەو نەتەوەیە، هەندێک جاریش شێوە زاراڤای فراوان کراوە بە زمانی ستاندارد. تەنانەت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هەندێک جار خوێن ڕژاوە و ئەوەی بە شێوازی تری لۆکاڵی ئاخافتنیشی کردبێ لەسەری دراوە و بە هێزی شمشێر زمانی ستاندارد سەپێنراوە. ئەو هێزەش لە نەفامی ئەو دەسەڵاتانە نەبووە، بەڵکو لە بە ئاگابوونیان بووە بۆ پتەوکردنی بەرەی ناوخۆی گەلەکەیان.

گومان لەوەدانیە کە هێشتا باشووری ئازادی نیشتمانەکەمان لە بەرامبەر کۆمەڵێک مەترسی و هەڕەشەی جیدی دایە، دەستێوەردانیش بە دزی و بە ئاشکرا بە شێوەیەکی بەرچاو بەڕێوە دەچێ. بۆیە سەرکردایەتی کوردستان بە هەموو پارت و گروپە جیاوازەکانیشیانەوە دەبێ مەترسی دابەشبوونی کورد لە ڕووی زمانەوە هەست پێ بکەن، هەروەکو ئەو دابەشبوونە لە حاڵی حازردا بە شێوەیەک لە شێوەکان بوونی هەیە، تا سنوورە دابەشکەرەکانی کوردستانیش بوونیان هەبێ ئەو دابەشبوونەی زمانیش بووەو دەبێ و ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتریش دەبێ. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەوە دێ، لە باشووری کوردستان، لەو ئەزموونەی کە زیاتر لە 15 ساڵە بەڕێوەیە و تا هەنووکەش وەکو پێویست ئاوڕ لەو پرسە نەدراوەتەوە. سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەمڕۆ لە بەرامبەر پەرپرسیارەتێکی مێژووی و ئەخلاقی دایە کە زمانی ستانداردی کوردی بخاتە ئەجندای خۆی و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکات.

ئەو داواکاریانەش کە ڕۆژانە دەبینرێن و دەبیسرێن، لە لایەک بە هەڵە پێشکەش دەکرێن و لە لایەکی تریش بەڵگەی نەبوونی هوشیاری نەتەوەییە. مەبەستیشم لە داواکاری بە هەڵە ئەو دەنگانەن کە دەڵێن دەبێ زمانی ئێمەش بخرێتە ناو دەستوور، یا زاراوەی ئێمەش پێی بخوێنرێ، یا گرنگی پێ نادرێ. ئەوان حەقیانە داوا لە سەرکردایەتی کورد بکەن کە زاراوەی ئەوان بکرێتە زمانی ستاندارد، کاری بۆ بکەن، بەڵام هەرگیز حەقیان نیە داوا بکەن ئەو شێوە زاراڤایە بە شێوەیەکی لۆکاڵی بخوێنرێ و کاری بۆ بکرێ، یا لە دەستوور شوێنی خۆی بگرێ. بۆیەش دەڵێم لە ناهوشیاری و بێ ئاگاییەوە دێت چونکە نازانن ئەو داوایە بە هەڵە دەخرێتە ڕوو، چ زەرەرێکیشە بۆ داهاتووی یەکیەتی گەلی کوردستان.

یەكێک لە بنەماكانی پێكهاتەی نەتەوە زمانی ستانداردە، چونكە كوردیش ئەو مەرجەی تێدا نیە، بۆیە نەتەوەبوونیشی بەرامبەر پرسیارە. وەڵامدانەوەشی لە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی دایە. چارەسەریشی خستنەگەڕی هەموو توانا ماددی و فیكری و ڕۆشنبیریەكانن بۆ دەربازبوون لە هەڕەسهێنان و پێشگرتن لە دزەكردنی ناحەزان لەو ئاڕاستەیەوە. دەزگا ڕاگەیاندنەكانیش ئەركێكی گەورەیان لەم ڕووەوە لەسەر شانە بۆ بڵاوكردنەوەی هۆشیاری و ئاگایی لە نێوان خەڵكی كوردستان بۆ ئەوەی داوای ئاوا بێ بنەما و نا شەرعی نەكەن، یا شێوەی داواكانیان بگۆڕن. هەموو داوایەكیش بە ڕەوا دەبینم ئەگەر كۆكەرەوە بن نەک دابەشكەر. بۆیە پێویست بوو ئەو پرسە لە دەستووری هەرێمیش یەكلا بكرێتەوە، بەڵام وا پێدەچێ نە سەركردایەتی كورد و نە خەڵكی كوردستانیش نەک هەر ئەو ئامادەباشیەیان تێدا نەبوو، بەڵكو زۆرێكیش لەو خەڵكانە داوا دەكەن كە زاراڤە بكرێتە زمانی كەمینە، یا لەناوچەكانی خۆیان بە زاراڤای لۆكاڵی بخوێنن بە بیانۆی حاڵی نەبوون لە شێوە دیالێكتەكەی تر. پرسیاریش ئەوەیە ئەی بۆ كە دوژمن زمانی خۆی فەرز دەكرد یا دەیكات، لێی حاڵی دەبوون؟؟ یا توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان نەبوو بە فێرنەبوونی ئەو زمانە سەپێنراوەی كە لە بەرژەوەندی دوژمن و لە گۆڕینی هەویەی نەتەوەیەكدا پێڕەو دەكرا؟.

ئەو جۆرە داواكاریانە بە شێوەیەكی بێسنوور مەترسیدارن و لە سەردەمێكدا كە نەتەوەی جیاواز دادەنیشنە سەر یەک خوان و باس لە خاڵە كۆكەرەوەو هاوبەشەكانیان دەكەن، خەڵكی كوردستانیش هێشتا ئامادە نیە بە ئاگا بێتەوە و قەبارەی مەترسیەكانی دەرک پێ بكات.

---

* لە دوا ژمارەی 263 ی ڕۆژنامەی میدیا بڵاوبۆتەوە.